
# خورماڵ..
# کێشەی خانووی بێ تاپۆ و زەوی کشتوکاڵی زۆرە





**مێژووی دروســـتبوونی ناحیەی خورماڵ (شــاری گوڵ عەنبەر) بۆ ســاڵی ١٩٢٥ دەگەڕێتەوە، بەڵام بەهۆی رۆڵی خەڵکەکەی لە بزووتنـــەوەی ئازادیخوازی کوردســـتاندا لەلایەن رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی حکومەتی بەغدا چەندین جار هێرشــی کراوەتە ســەرو تەواوی ســـنوورەکەی وێرانکراوە، دواتریش تا ٢٠٠٣ ئەم ناوچەیە بەپێی پێویســـت بایەخ و گرنگی پێ نەدراوە، هەر بۆیە هەتا ئەمڕۆش خورماڵیەکان روویان لەحکومەتی هەرێمی کوردســـتانە، تاوەکو خزمەتگوزاریی باشترو پڕۆژەی زیاتر لەم ناوچەیە بە ئەنجام بگەیەنێت، چونکە کێشــەو کەموکوڕیی خزمەتگوزارییان زۆرە، لەسەردانێکی تیمی گۆڤاری گوڵان بۆ ناوچەکە چەند هاووڵاتییەکمان لە نزیکەوە لە ناو گەڕەکەکانی شارۆچکەکە لەسەر کەموکوڕی و کێشە و گرفتە خزمەتگوزارییەکان دواند.**









## هاووڵاتیان:
## خزمەتگوزارییەکان لە خورماڵ و گوندەکانی لە ئاستی پێویستدا نین

ساڵی رابردوو لەسەردانێکماندا بۆ خورماڵ چەنـدیـن کەموکورتــی و پێداویســتی خزمەتگوزاریی خەڵکەکەمان خســتەڕوو؛ ئەمســاڵیش بەهەمان شــێوە هاووڵاتیانی خورماڵ کۆمەڵێك کێشەی خزمەتگوزارییان ئاماژە پێدا کە تا ئێســتاکە بۆیان چارەسەر نەکــراوە، لەمبارەیەوە لە گەڕەکی ئەردەڵان هاووڵاتی مستەفا محەمەد پێیوایە کێشەی سەرەکیی زۆر لە دانیشتووانی ناحیەکەیان نەبوونی تاپۆی خانووەکانیانە، هەر بۆیە ئەم هاووڵاتییە داوا دەکات و بە ئەرکی سەرشانی لایەنە پێوەندارەکانی دەزانێت کە مشورێکی جیدی ئەم کێشەیە بخۆن، هەروەها هاووڵاتی ئەحمەد حەمە ڕەشــید لە گەڕەکی دالانی ســەبارەت بە گرفتی خراپیی ڕێگاوبان و شەقام و کۆڵانەکانەوە گوتی: گەڕەکەکەمان لــە ڕووی کــۆڵان و شــەقامەوە زۆر بێ سەرووبەرە، هەر سەبارەت بە خراپیی پڕۆژە خزمەتگوزارییــەکان بەتایبەتــی لەبواری ئاوی خواردنەوە هاووڵاتی هاوکار ســەلام دانیشتووی گەڕەکی قەڵا ئاماژەی بەوەدا گەڕەکەکەیان لە بوارە خزمەتگوزارییەکاندا بە تایبەتی لــە ڕووی ئــاوی خواردنەوە پێویستی بە کارو پڕۆژەی ستراتیژی و باش هەیە، سەبارەت بە کەرتی تەندروستیش دوو ئافرەت بەناوەکانی نەرمین حەبیب و سازگار مەحموود ئاماژەیان بــە کەموکوڕییەکانی کەرتی تەندروســتی دا بەڕادەیەك گرفتی نەبوونــی پزیشــك و پزیشــکی ئافرەتان وایانکــردووە لە زۆر حاڵەتی نەخۆشــی و پشکنینەکاندا ســەردانی نەخۆشخانەکانی ســلێمانی بکــەن، هەر لــە گەڕەکەکانی خورماڵی کۆن هاووڵاتــی بەختیار حەمە ئەمین پێــی وابوو، گەرچــی خورماڵی کــۆن ژمارەیەکی زۆر لــە هاووڵاتیان لە خۆدەگرێت، بەڵام لە رووی خزمەتگوزاری و ئاوەدانییەوە بەتایبەتی لە بواری شەقام و کۆڵانەکانی هیچــی قیرتاو یا کۆنکرێتی بۆ نەکراوە. هەروەهــا هاووڵاتییەکی دیکە بە ناوی دیــار ئەمین گوتی: خورماڵ لە گەشــەکردن و فراوانبووندایە بۆیە ساڵانە بــە بەردەوامی پێویســـتی بــە پڕۆژەی خزمەتگوزاریی ســەرەتایی و سەرەکییەکان هەیە کــە بخرێتــە بەرنامەو پــلان و لە ریزبەنــدی یەکەمدا بودجەیــان بۆ تەرخان بکرێت، سەبارەت بە کەمی پێشکەشکردنی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانیش لە گوندەکانی سنوورەکەدا هاووڵاتی تەیب عەلی گوتی: من خەڵکی گونــدی زەڵمم و ماوەی دوو ســاڵە خەریکی ڕێگایەکن بــۆ ئەو گوندە دروســتی بکەن تا ئێســتا تەواو نەبووە و بڕیارە چەنــد خانووەکی هاووڵاتیانیش بەر ئەو ڕێگایە بکەوێت.

هاوکات هەر سەبارەت بەخزمەتگوزارییەکان لەناوچــەی خورمــاڵ و گوندەکانــی، هاووڵاتی ئایار ئەحمەد کە خەڵکی گوندی شــیرەمەڕییە ئاماژەی بــەوەدا کە لەبەر خراپیی باری گوزەرانی هاتۆتە سەنتەری ناحیەکە و کاری کرێکاری بە گرێبەست لە شارەوانی دەکات و حکومەت هیچ گرنگیی بە گوندەکەیان نەداوەو لەم ساڵانەی دوایشدا ئــاو زۆر کەمی کــردووە ناتوانرێت باخ و بێستانی پێ ئاو بدرێت.



## سمکۆ سالار بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ بۆ (گوڵان):

# زەوی تەرخانکراو بۆ پرۆژە خزمەتگوزارییەکان زێدەڕۆیی لەسەر کراوە

**هەر لەسەردانەکەدا داواکاری و ئەو پرۆژەو کارانەی کە خەڵکەکە بەئەولەوییاتی دەزانن و کێشەو کەموکوڕیە خزمەتگوزارییەکان و چەندین پرسی دیکەمان ئاراستەی سمکۆ سالار بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ کرد.**

### سەرپێچی لەگرێبەستە کشتوکاڵییەکان کراوە

سەرەتا سەبارەت بەگرنگی بوونی ماستەرپلان بۆ پێشخستن و پەرەپێدانی شارۆچکەکە بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ گوتی: ماستەرپلانەکە تەنیا پەسندکردنی ماوە، هۆکاری دواکەوتنەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کۆمەڵێك خانووی ناو سەنتەری شارۆچکەکە بەرکەوتوون و ژمارەیەکی زۆر زێدەڕۆیی هەبووە کە دەبێت چارەسەری پێویستیان بۆ بدۆزرێتەوە و شوێن و ڕووبەری زەوی هەیە جێگای قوتابخانەو پارك و خزمەتگوزارین کراوەنەتە خانوو، هەروەها کۆڵان و شەقامەکان بەپێی پێویست و دیزاین نین، بەڵام کارو پرۆژەکانی بەرفرەوانبوونی خورماڵ لەسەر نەخشەی بنەڕەتی و ئەو ماستەرپلانەی هەیە ئەنجام دراوە و شارۆچکەکە بەرەو هاوینەهەواری ئەحمەد ئاواو دێ کۆنەوە دەڕوات و لە بەرفرەوانکردنیشدا کێشەی زۆرمان دێتە پێش و هەر بۆیە گلەیی زۆرمان لەمبارەوە لە وەزارەتی کشتوکاڵ هەیە، چونکە ئەو زەویانەی لەو سنوورانەدا هەن، وەزارەت بە گرێبەست بە جووتیارەکانی داوە، بەڵام سەیری بکەین دەبینین هیچ مەرجێکی گرێبەستی پێوە نەماوە و سەرپێچی لە گرێبەستەکان کراوە و زەویەکان گۆڕانکاریان بەسەر داهاتووە، واتە لە زەویە کشتوکاڵییەکانی سنوورەکە هیچ بەدواداچوون و لێپێچینەوەیەك نییە، لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵێك زەویمان هەیە لە ساڵانی حەفتاوە کوژاندنەوەیان بۆ کراوە، لەکاتێکدا وەزارەتی کشتوکاڵ گرێبەستی بۆ هەمان ئەو زەویانە تا ساڵی ٢٠٠٦ کردووە، هەندێ زەویشمان هەیە هیچ مامەڵە و پێشینەیەکیان نەماوە کە پێیان دەگوترێت زەوییە بێ دایك و باوکەکان و نازانین چۆن کار هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکەین و زەویمان هەیە بۆ شارەوانی و خزمەتگوزاری ئیفراز کراوە کە دەبینین لەناکاو جووتیارێك دێتە سەر ئەو زەوی و پرۆژانە و کێشەمان بۆ دروست دەکات و تا ئێستا زۆر لەم کێشانەمان بۆ پشت ڕاست نەکراوەتەوە و کێشەی گەورەن و بەربەستیشن لەبەر دەمی کارو پرۆژەو بەرفرەوانبوون و گەشەکردنی شارۆچکەکەدا. سەرەڕای ئەو کێشانەش لە دوای ٢٠٠٣ەوە تا ئەمرۆکە ساڵانە بەپێی بەرنامەو پلان و ئەو بودجەی بۆمان تەرخان دەکرێت کارو پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ شارۆچکە و سنوورەکەی کراوە و لەم ساڵانەی دواییدا پرۆژەکان زۆر زیاتر بوون، هەر بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠١٠ بەبڕی ٢٥ ملیار دینار و ٢٠١١ بەبڕی ١٣ ملیار دینار و ٢٠١٢ بەبڕی نزیکەی ١٢ ملیار دینار پرۆژەی خزمەتگوزاری لە هەموو سێکتەرەکان جێبەجێ کراوە.

### خزمەتگوزارییەکان بۆ ئەو گەڕەکانە کراون کە زەوییەکانیان ئیفرازکراوە

سەبارەت بە دروستکردنی شۆستەو قیرتاو و کۆنکرێت کردنی شەقام و کۆڵانەکانی ناو گەڕەك و سەنتەری شارۆچکەکە کە هاووڵاتیان ڕەخنەیەکی زۆریان لەمبارەیەوە هەبوو بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ ڕوونی کردەوە کە ساڵانە بەپێی ئەو بودجەیەی بۆیان تەرخانکراوە بەرنامەو پلان دادەنێن بۆ جێبەجێکردنی کارو پرۆژەکانی ناو سەنتەری شارۆچکەکەو گوندەکانی سنوورەکە، هەر بۆیە بەگوتەی بەڕێوەبەری ناحیەکە بودجەیەکی وایان لەبەردەستدا نییە تاوەکو بەپێی پێویست کار بکەن، لەلایەکی دیکەوە هەندێ لەو گەڕەکانەی وەکو ئاشتی ئەوە خەڵك بۆ خۆی خانووی لەو شوێنانە دروست کردووە بەبێ ئەوەی لەلایەنی پێوەندارەوە زەوییەکانیان ئیفراز کرا بێت، ئەو گەڕەك و شوێنانەی کە پرۆژەی ئاوو ئاوەڕۆیان بۆ نەکراوە یا تەواو نەبووە ئەوە کۆڵان و شەقامەکانیشیان جاری شۆستەو قیرتاویان بۆ ناکرێت، بەڵام ئەو شوێن و گەڕەکانەی کێشەی زێدەڕۆیی و ئیفرازکردنی زەوی و پرۆژەی ئاو و ئاوەڕۆیان نەبێت هەر هەموویان شۆستەو قیرتاویان بۆ کراوە.

### نەبوونی تاپۆی خانوو و زەوی

سەبارەت بە کێشەی نەبوونی تاپۆی خانوو و زەوی هاووڵاتیانی شارۆچکەکە بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ ئاماژەی بەوەدا کە ناحیەکەیان بێ بەش نییە لە کێشەی تاپۆ و تاکە یەك خانوو و مەتر زەوی هاووڵاتیان تا ئێستاکە تاپۆیان نییە، ئومێد دەخوازین لەم نزیکانەوە فەرمانگەی تاپۆی خورماڵ بکرێتەوە و گرنگی بۆ ئەو بوارەش زیاتر هەبوونی دەسەڵاتە بۆ فەرمانبەرەکان و لە کاتێکدا دەسەڵات نەبوو ئەوە کێشەی تاپۆی خورماڵ بە ٢٠ساڵی دیکەش کۆتایی نایەت.

### کێشەو کەمی ئاوی خواردنەوە

سەبارەت بە کێشەو کەمیی ئاوی خواردنەوەوە بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ گوتی: لەووڵاتێکدا کۆنترۆڵی ئاوی خواردنەوە نەکرابێت ئەوا هەرگیز ناتوانرێت ڕێگا لە بەفیڕۆدانی بگیرێت و بە بەردەوامیش ئەم کێشەیە هەر دەمێنێت و ناحیەکەشمان پشت بەو ئاوە



دەبەستێت کە لە سەرچاوەی زەڵمەوە دەهێنرێت و برە ئاوێکی باشـیش بۆ سەنتەری ناحیەکە دێت، بەڵام لە رووی کارگێری و دابەشکردنی ئاوەکە کێشەو سستیەك لە فەرمانگەی ئاوەوە هەیە، بۆیـە لە هەندێ گەڕەکدا کێشـەی کەمیی ئاوی خواردنـەوە هەیە، هەر بۆ ئەو مەبەسـتەوە داوای لیژنەیەکمـان کردووە بۆ کارکردن و بەدواداچوون لەسـەر سسـتی و بەفیرۆدان و چۆنییەتی دابەشکردنی ئاوەکە، لەلایەکـی دیکـەوە لە هەندێ گـەڕەك و شوێنی ناو سـەنتەری شارۆچکەکەدا تۆڕی دابەشکردنی ئاوەکەیان کۆن و تەواو نین بۆیە لە بەرنامەدایە ئەو گرفتە چارەسـەر بکرێت، بۆ ئـەو مەبەسـتە پرۆژەیەکـی چاککردن و نۆژەنکردنـەوەی تۆڕی ئـاوی گەڕەکی داڵانی لە ژێر جێبەجێ کردندایە و لەپاشـان پێویسـت دەکات بۆ گلدانەوەی ئاو کۆگای یا تانکیەکی قەبارە گەورە بەپێی پێویسـتی گەڕەکەکان و چارەسەرکردنی کێشەکە دروست بکرێت. ئێسـتاکە دابەشـکردنی ئاو بەسەر ماڵان لە ڕێـگای تۆڕی سـەرەکی ئاوی شارۆچکەکەوە ڕۆژانە بە کاتژمێرە، هەروەها پرۆژەیەکی ستراتیژی ئاویش پێشکەش کراوە و ئومێـد دەخوازین لـە ئایندەیەکی نزیکدا جێبەجێ بکرێت.

**هەندێك لە بینایەی قوتابخانەکانمان پێویستییان بەنۆژەنکردنەوە هەیە**

سەبارەت بە کەموکوڕی و کێشەی قوتابخانەو پەروەردە بەڕێوەبەری ناحیەکە گوتی: تا ئێستا قوتابخانـەکان دوو دەوامین و بەشـێوەیەکی گشـتی لە رووی پەروەردەوە دەتوانم بڵێم ئێمە وەکو قـەزای خورماڵ بارودۆخ و رەوشـی پەروەردەمان لە شـوێنی دیکە باشترە، ئەوەش مانای ئەوە نییە کە کێشـەمان نییە، یەکێك لەو کێشـانەی کـە هەمانە ئـەوە بینایەی هەنـدێ لـە قوتابخانـەکان بەتایبەتی هی گوندەکان پێویسـتیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە و کەموکوڕییان لە ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبا هەیە، هەندێ کەموکوڕیی بچوك و مامناوەندیش هەیە، ئەگەر ئێمە بودجە و دەسەڵاتی داراییمان هەبێـت هەر خۆمان بۆیـان دابینی دەکەین، سـەرەڕای ئەوە لەو بودجەی بۆ خەرجی ناو یەکە ئیدارییەکە بۆمان تەرخانکراوە سـاڵانە نزیکـەی ٦ تا ٧ملیـۆن دیناریان لەو کارو پێداویستیانەی قوتابخانەکان کە خۆیان داوای دەکەن و پێویستن خەرج دەکەین.

**نەبوونی کارگەیەکی پیشەسازیی خۆراکی و کۆگایەکی ساردکەرەوە زیانی گەورەی بەکەرتی کشتوکاڵی ناوچەکەمان گەیاندووە**

**بنکە تەندروستییەکەمان کەموکوڕیی زۆرە**

لەبواری کەرتی تەندروستیشـدا بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ ئاماژەی بەبوونی کێشـەو کەموکوڕیـدا، بەڕادیەك کە سـتاقی بنکە تەندروسـتییەکەش داوای چارەسـەرکردنی ئـەو کەموکـوڕی و کێشـانەیان کـردووە، بەتایبەتی لەبوارەکانـی نەبوونی کارمەندی تەندروسـتی و پزیشـك و کەمیی ئامێری پزیشکی، هەر سەبارەت بەبوونی ئەو گرفتانە وەزیـری تەندروسـتیش سـەردانی بنکەی تەندروستییەکەی کردووە و ئاگاداری رەوشی بواری تەندروستی و بنکەکەن و کەموکوڕی لە نەبوونی پزیشکی پسپۆرو نەشتەرگەری و ئافرەتان هەیـە، هەربۆیە ئەوانەی لە بنکەکە هەن بەپێی پێویسـت و خواسـتی بەرپرسی یەکەی ئیداری ناحیەکە نییە و بەپێویسـتی دەزانـن وەزارەت و لایەنی پێوەندار و بەرپرس چاو بەو لایەنە بخشـێنێتەوە بۆ ئەوەی بەرەو باشتر بچێت.

**کێشەی کەمیی ئاوی خواردنەوە. بۆ سستی فەرمانگەی ئاوو خراپی دابەشکردنی ئاوەکە دەگەڕێتەوە**

**نەبوونی سەرپرخانەی هاوچەرخ و کۆگای ساردکەرەوە**

سـەبارەت بـە کەرتـی کشـتوکاڵ و کارو پرۆژەکانی لەمبارەیەوە بەڕێوەبەری ناحیەکە گوتی: گلەیی زۆرم لە وەزارەتی کشـتوکاڵ هەیە، بەڵام لە هەقیقەتیشدا بەڕێوەبەرایەتیی ئاودێریی سلێمانی لە ماوەی دوو ساڵە بەبڕی ٦ تـا ٧ ملیار دینار جۆگەلـەی ئاودێرییان لـە گوندەکانی سـنوورەکە کۆنکرێت کردووە و ئامێـر و پەیینی کیمیاییشـیان بەسـەر جووتیارانـدا دابەش کـردووە، بەڵام ئەو کارو پرۆژانـە کارو ئامانجـە سـتراتیژیەکەی بواری کشـتوکاڵی نییـە، لەلایەکی دیکەوە جووتیارەکانیشـمان کەمتەرخەمـن، هەر بۆ نموونە ئێمـە جۆگەیەکی ئاومان هەیە بە ناوی دەڵێن و لەم جۆگەیەوە ئاو بۆ کۆمەڵێك



گوند دەڕوات و بەم ئاوەوە جگە لە ئاودانی باخ و مەڕو ماڵات و ئاژەڵەکانیان ئەوە یەك دۆنم زەویان نەکردۆتە بێستان و بەروبوومی سەوزەو میوەی وەرزی وەکو تەماتە و خەیار و. . .تا، هاوکات نەبوونی کارگەیەکی پیشەسازی خۆراکی لە سنوورەکە یەکێك لە کێشەکانی سنوورەکە، هاوکات پێویستمان بە کۆگای ساردەکەرەوەیە، هەروەها تا ئێستا سەربڕخانەیەکی هاوچەرخمان لە سنووری قەزاکەدا نییە کە زۆر گرنگ و پێویستە.

## هەڵگرتنی زبڵوخاشاك زیانی بەژینگە گەیاندووە

سەبارەت بەوەی تا چەند توانراوە کێشەی زبڵوخاشاك لە خورماڵ چارەسەر بکرێت بەڕێوەبەری ناحیەکە گوتی: فڕیدانی زبڵوخاشاك بەشێوەی کۆن و تەقلیدی ئەنجام دەدرێت، هەر بۆیە بە یەکێك لە کێشە گەورەکانی شارۆچکەکە دادەنرێت، بەتایبەتی بواری سیستەمی لابردنی زبڵوخاشاکەکە کە لە شوێنێك کۆدەکرێتەوە و لە پاشان دەسووتێنرێت و دوکەڵ و پیسییەکی زۆر بەسەر سنوورەکەدا بڵاودەبێتەوە و دانیشتوانی گوندەکان هەراسان دەکات و لەمبارەشەوە هاووڵاتیانی سنوورەکە گلەیی و گازاندەی زۆریان هەیە، بەڵام کۆمپانیایەکی تایبەتمەند بەم بوارە کە ناوی (گلاس شۆتت کارت)ە و گرێبەستی لەگەڵ حکومەتدا بۆ ماوەی سێ ساڵ هەیە کە زبڵوخاشاکی چوار قەزاو ناحیە و گوندەکان کۆدەکەنەوەو دەگوازنەوە بۆ شوێنێك و بە پڕۆسەی ڕیسایکلینی هاوچەرخ چارەسەری دەکەن و بڕیارە لە ٢٠١٢/١٢/١ دەست بەکار بکات و ئەو کات لەو کێشەیەش ڕزگارمان دەبێت.

## نەبوونی دەسەڵاتی کارگێڕی و دارایی

سەبارەت بەدابەزاندنی دەسەڵات و ئاستی ئەو دەسەڵاتانەی هەیانە بۆ ڕاپەڕاندنی کارو ئیشەکانیان بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ گوتی. دەتوانم بە ناوی خۆم و برادەرانی دیکەش کە بەرپرسی یەکە ئیدارییەکانن قسە لەم ڕووەوە بکەم، بە تەئکید تا ئێستاکە هیچ دەسەڵاتێکمان بۆ دانەبەزیوە و هەر بۆیە

**بینایەی هەندێ لە قوتابخانەکان بەتایبەتی هی گوندەکان پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە و کەموکوڕییان لە ئاو و ئاوەڕۆ و کارەباش هەیە**

**وەزیری تەندروستی سەردانی بنکەی تەندروستی ناحیەکەی کردووە و ئاگاداری ڕەوشی بواری تەندروستی و کەموکوڕییەکانی بنکەکەیە**

زۆر بێزار بووینە، گەرچی پێشتر هەندێ دەسەڵاتمان هەبوو کە دەمانتوانی بەکاری بێنین و ئیجرائاتیشمان پێ وەردەگرت و پابەندبوون بە یاساش باشتر بوو، بەڵام ئەو دەسەڵاتانەمان لێ وەرگیراوەتەوە و دەسەڵاتی داراییشمان نییە و بۆ خەرجی ئەو بڕە پارەیەی بۆ خەرجی ناو یەکە ئیدارییەکەش بۆمان دانراوە بە کۆتوبەندی ڕێنمایی توند کراوین هەر بۆ نموونە ئەگەر سەردانی قوتابخانەیەك بکەین و ٢٠٠ هەزار دینارێك بۆ هەندێ کەلوپەلی پێویستیان خەرج بکەین ئەوە دەبێت بڵێین ئەو پارەمان بۆ نانخواردن خەرج کردووە یا لە حیسابی گیرفانی خۆمان بێت.

## هاوینەهەواری ئەحمەد ئاوا

لە کۆتاییدا بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ گوتی: پڕۆژەیەکی گەشتیاریی باش لە هاوینەهەواری ئەحمەدئاوا بەبڕی ١٣ ملیار دینار ئەنجام دراوە و ساڵ لە دوای ساڵیش ڕێژەی گەشتیاران بۆ ئەم سنوورو هاوینەهەوارە لە زیادبوون دایە، بەڵام پێویستە ڕیکلامی نەك ناوخۆیی بەڵکو لەئاستی جیهاندا بۆ بکرێت و بۆ گەڕاوەکەی خورماڵیش نۆژەنکردنەوەیەکی سەرەتایی بۆ کراو بەپێی پێویست نییە، بەڵام ئەندازیارێك بە ناوی کامەران کە خەڵکی سلێمانییە و لە دەرەوەی وڵات ژیاوە و لەگەڵ کۆمپانیایەکی تایبەت بە کاری گەڕاو کار دەکات و ماوەی سێ ساڵە کار لەسەر گەڕاوی خورماڵ دەکات و دیزاین و دەرخستەیەکی بۆ ئامادەکردووە و لە قۆناغی ئەوە دایە کە ڕاگەیاندنی بۆ بکرێت و لەپاشان حکومەت یا کەرتی تایبەت بێن کار لەسەر ئەم لایەنەی گەشتیاری بکەن و پڕۆژە و گەرماوی هاوچەرخی لەسەر دروست بکەن، هەروەها داواکارم لە ڕێگای ئەو گۆڤارو ڕاپۆرتەوە لەسەر داواکاری و گلەیی و گازاندەیی خەڵك و ئێمە کە لێرە خستوومانەتەڕوو بەدواداچوون و وەڵامیان بۆ زیاتر ئەنجامدانی کارو پڕۆژەی خزمەتگوزاری هەبێت.